# کۆبوونەوەی حزبە شیوعیو کرێکارییەکان لە یۆنان کۆتایی پێ هات

کۆبوونەوەی حزبە شیوعیو کرێکارییەکان کە لە ژێر ناونیشانی (شیوعیەکانو بزووتنەوەی کرێکاری) بەدەستپێشخەری حزبی شیوعی یۆنانی لە (ئەسینا) رۆژی 2001/6/22 دەستی بەکارەکانی کرد رۆژی 2001/6/24 کۆتایی بەکارەکانی هێنا بەمەبەستی دیراسە کردنی بابەتی (شیوعیەکانو بزووتنەوەی کرێکاریی).

لەماوەی سێ رۆژی کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆو موداخەلاتێکی چڕو پڕو دەوڵەمەند کراو هەموویان بەو ئاراستەیەدا بوون کە زیاترو زۆرتر خزمەت بگەیەنن. لە کۆبوونەوەکەدا (47) حزب ئامادەبوون کە لە (39) وڵاتەوە هاتبوون، هەروەها چوار حزبی شیوعی موداخەلاتەکەیان بە نووسراوەیی رەوانەی کۆبوونەوەکە کردبوو کە چوار حزبەکە لە وڵاتانی ئەمریکا،و ئەمریکای لاتینو کەنداو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو دووربوون. هاوڕێیان (عەلی جاسم) بە نوێنەرایەتی حزبی شیوعی عێراقو (سوهێل زەهاوی) لە حزبی شیوعی کوردستان بەشداربوونو هەریەکەیان موداخەلەیەکیان کرد. (11) حزبی شیوعی و کرێکاریی بە هۆکاری جیا جیا نەیانتوانی بەشداری کۆبوونەوەکە بکەن.

کۆبوونەوەکە بە وتەیەکی هاوڕێ (ئەلیکا پاپاراکا)ی سکرتێری گشتی حزبی شیوعی یۆنان دەستی پێکرد، کە لە وتەکەیدا تەئکیدی لەو جۆرە دیدارانە کردو بە دەستپێکێکی گرنگی دانا لە پەیوەندییە گشتیو دوو قۆڵییەکاندا. هەروەها ئاماژەی بەوەکرد کە لە (چەند ساڵی رابردوودا رەخنەو بەرپەرچدانەوەو گفتوگۆی بەردەوام دەکرێت لەسەر"عەولەمە"و ئەم دەستەواژەیەش بۆ ونکردنی مۆرکی چینایەتی سستەمی ئیمپریالی جیهانی هاتووە، بەمەستی پاراستنی بیرۆکەکەیان، بیرۆکەی نەمریی سەمایەداریی).

لە زۆربەی موداخەلەکاندا ئاماژە بەوەکرا، کە بزووتنەوەی کرێکاریی بە بارودۆخێکی زۆر سەختدا لەسەر ئاستی ناوخۆیی وڵاتانو لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی تێپەڕ دەبێت، بەڵام پەنجەش خرایە سەر گرنگی ئەو جۆرە کۆبوونەوانە بۆ دەرفەت رەخساندن لە ئاگاداربوون لە هەڵوێستی یەکدیو ئاڵوگۆڕی ئەزموونو شارەزاییەکان.

هەروەها ئاماژە بۆ ئەوە کرا کە بارودۆخی جیهانی تا ئاستێك پێگەیشتووە بۆ دروست بوونی بزووتنەوەی جەماوەری دژ بە سیاسەتی رێکخراوەکانی بانکی نێو دەوڵەتیو رێکخراوی بازرگانی جیهانی، کە ئەم رێکخراوانە جگە لە ئامرازێکی دیکەی جێبەجێکردنی سیاسەتی ئیمپریالی جیهانی هیچی دیکە نیین.

لەگەڵ ئەمانەشدا لە کۆبوونەوەکەدا باس لە خۆسازدانو خۆ رێکخستن کرا بۆ بەشداربوون لەو خۆپیشاندانانەی کە دژ بە (8) وڵاتە پیشەسازییەکە دەبەسترێت لە (جینوەی) لە ئیتالیا.

لەلایەکی دیکەوە زۆربەی موداخەلاتەکان ئاماژەیان بەوە دەکرد کە پێویستە شیوعییەکان سەر لەنوێو لەسەر بنەمایەکی بەهێز سەندیکاکانی کرێکاران بونیاد بنێنەوە، هەڵویستی حزبە شیوعیو کرێکارییەکان یەکبخرێتو ستراتیژێك لەو بارەیەوە هەبێت، بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخو هەلو مەرجی هەر وڵاتێك بۆ بەرپەرچدانەوەی سەرمایەداری. هەروەها زۆربەی حزبەکان داوای ئەوەیان دەکرد کە ریزی بزووتنەوەی کرێکاریی یەکبخرێت لە ئایاری (2002) دژ بە سیاسەتی موشەکی ئەمریکا.

لە ماوەی (3) رۆژی کۆبوونەوەکەدا لە پەراوێزی دانیشتنەکان هاوڕێیانمان چەندین دیداریان کردووە لەوانە:

* ئێوارەی رۆژی 2001/6/22 هاوڕێیان عەلی جاسمو سوهێل زەهاوی چاویان بە (ئۆستیف کۆلۆسۆڤ) ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی یۆنانیو بەرپرسی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانو بەرپرسی کۆمەڵەی پەرلەمانی یۆنانی حزبە شیوعییەکان کەوتو لە دانیشتنەکەدا بارودۆخی عێراقو کوردستان قسەوباسی لێوەکرا. هاوڕێ (کۆلۆسۆڤ) پشتگیری حزبی شیوعی یۆنانی بۆ تێکۆشانی گەلی عێراقو کوردستان لە پێناو مافەڕەواکانیان دەربڕی.

* ئێوارەی رۆژی 2001/6/25 هەمان وەفدی حزب لە بارەگای چەپەکانی یۆنان چاویان کەوت بە هاوڕێ (کیتی)




هاوڕێ (ئەلیکی بابادولی میحو) سکرتێری مەکتەبی سیاسیو ئەندامی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. لە کۆبوونەوەکەدا جگە لە باسە جیاجیاکان ئامادەیی خۆیان بۆ پاڵپشتیکردنی گەلەکەمان دەربڕی.

* ئێوارەی هەمان رۆژ وەفدەکەی حزب لەگەڵ (باراداس نابۆتس)و (مارتین ناسوس)ی ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی بزووتنەوەی دیموکراتی کۆمەڵایەتی کۆبوونەوە. لە کۆبوونەوەکەدا بارودۆخی جیهانیو ناوچەیی تاوتوێ کراو پاڵپشتی تێکۆشانی گەلەکەمانو مافەڕەواکانی گەلی کوردستان جەختی لەسەر کرایەوە.

هەروەها چەندین کۆبوونەوەی دیکە ئەنجامدران لەگەڵ حزبە شیوعیو ...

## گەشتیار

شێخ سدیق

### هاووڵاتی بوون

هاووڵاتی بوون، لای ئێمە چەمکی جیاوازی وەرگرتووە، لێرە بەو مانایە نایەتەوە کە تۆ لەم وڵاتە دانیشتووی، یەعنی هاووڵاتی ئەم نیشتمانەی، دەسەڵات دەبێ بەپێی ئەو نیشتەجێ بوونە هەموو حقوقێکت بپارێزێت.

هاووڵاتی بوون لێرە دەبێ سەر بە حزب بێت، بە تایبەتی سەر بە هەردوو حزبی دەسەڵات. واتە ئەگەر کەسێك بیەوێت ببێت بە هاووڵاتی دەبێ ئینتیمای بۆ حزب بێت، ئەگەر پێچەوانەی ئەمە بێت، ناتوانێ وەك هاووڵاتیەك رەفتار بکاتو حیسابی هیچ شتێکیشی بۆ ناکرێ. بە دەرەجە (3)یش تەماشا ناکرێت، ئەمەوێت ئەوە بڵێم کە کەسانێك لە شارەکاندا ماوەی (30) ساڵ تا (50) ساڵ دەبێت نیشتەجێنو لە خانووی کرێدا دەژین.. لەبەر ئەوەی سەر بە حزب نین یان لە دائیرە نینو کاری (حوڕ) دەکەن.. بەناوی جۆربەجۆرەوە زەوی دابەش دەکرێت.. لەلایەکی دیکەوە حزبی وا هەیە کە زیاتر لە (60) ساڵ دەبێت خەباتو قوربانی دەداتو پێشمەرگەی تێکۆشەری هەیە، شەهیدی زۆری هەیە، کەچی تاوەکو ئێستا زەوییان وەرنەگرتووە.. ئەمانەش ئینتیمای حزبی بوونی جیاوازن، دووجار سیفەتی هاووڵاتی بوونی لێ وەرگیراوەتەوە، جارێك ئینتیمای حزبی بوونی جیاواز، جارێك نەبوونی سیفەی هاووڵاتی بە نەزەری ئەو.. گەڕانەوەیە بۆ سەردەمێك، بە مانای وەبیر هێنانەوەی رەفتارەکانی دیکتاتۆری بەعس، ئەو کاتە رژێمی عێراق کە دەسەڵاتی لە کوردستانی ئازادا هەبوو، ئینتیمای هاووڵاتی بوون لای بەعس، ئینتیما بوون بوو بە بەعسەوە، بەو مانایەی ئەوەی بەعسی نەبووایە، زەوی وەرنەدەگرت، یان زۆر ناوی جۆربەجۆریان بۆ خەڵکی ئەدۆزیەوە بۆ شەرعیەت پێدانی زەوی وەرگرتن.. بەڵام خەڵکانی هەژارو نەداری گەلەکەمان بێ بەش دەکران لە زەوی وەرگرتن..

ئەمرۆش هەمان ئەو خەڵکە هەژارو کرێ نشینانە لە زەوی بێ بەش دەکرێن هاوکاتی ئەوانەش (پێشمەرگە)ی شیوعی و شەهیدەکانیان لە زەوی بێ بەش دەکرێن. بۆیە لێرەوە داوا دەکەم دەسەڵاتدارانی هەردوو ئیدارەکە بە چاوی هاووڵاتی بوونەوە لەو خەڵکانەش بڕوانن کە ساڵانێکی زۆرە کرێچینو بەچاوی ئینتیمای حزبی بوون مامەڵەیان لەگەڵ نەکرێ وەك هاووڵاتییەکی ئەم نیشتمانە تەماشا بکرێن، بۆیە پێشنیار دەکەم شارەوانی لیژنەیەك پێك بێنێت بۆ ئەو خەڵکانەی کە کرێچینو ساڵانێکی زۆرە کە (30) ساڵ دەبێت یان (50) ساڵ دەبێت بێ خانوون بەپێی رێژەی زۆرینە حەقی زەوی وەرگرتنیان هەبێت.

# حیکایەتی شارێك، لە نێوان شانۆو سیاسەتدا

مەغدید حاجی

تێبینی: ئەم وتارە رەخنە نییە تەنیا سەرنجە

هونەرمەندی رەسەنی شاری هەولێر (فەتاح خەتاب) دوای دوورکەوتنەوەیەکی زۆر لە شارەکەی، ماوەیەکە هەروەکو بیستوومە بە یەکجاری گەڕاوەتەوە هەولێرو چەند بەرهەمو پڕۆژەیەکی شانۆیی لەگەڵ خۆی هێناوەتەوە.

جەماوەری شانۆی کوردیمان لە حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکاندا ئاشنایەتییەکی باشیان لەگەڵ ئەم هونەرمەندەدا هەبووە، بەرهەمە سەرکەوتووەکانی ئەو قۆناغ تەکانێکی هەستپێکراویان بە رەوتی شانۆی کوردی داوە بە تایبەتی لە شاری هەولێر.

قۆناغی ئێستا جیایە لەگەڵ حەفتاکان لەژێر سێبەری عەولەمەی سەرمایەداریو شەڕو گێروگرفتەکانی ناوخۆی قۆناغی دوای راپەڕین، تا رادەیەك ئاسۆ لەبەر چاوی خەڵکێکی زۆر لێل دێتە بەرچاو، شار بە سەدان تەرمی لاوەکانی لە شەڕو ململانێی بێ مانای ناوخۆدا گرتە باوەش، هەر لەم قۆناغەدا کۆچی لاوان بە لێشاو بەرەو هەندەران لە پێناوی ئازادیو کارو دابین کردنی دوارۆژی تایبەتییان، لە پێناوی خۆ رزگار کردن لە دوارۆژێکی نادیار کە چاوەڕوانی شارە خۆشەویستەکەیان دەکات، بەردەوامەو بە دەیان کۆڕو سمینارو وتاریش نایوەستێنێ.

لەم بارودۆخەدا هونەرمەندو نووسەرێکی پێشکەوتنخوازی وەکو فەتاح خەتاب دەیەوێ حیکایەتی شارمان بۆ بگێڕێتەوە، هەموومان رووداوەکانی ئەم حیکایەتەمان خوێندۆتەوە یان بە چاوی خۆمان بینیومانە، رووداوەکانی ناو حیکایەتی شارەکەمان هەمووی تاڵو ناخۆش نین بەڵکو لایەنی گەشو ئیجابییان تیا بووەو ئێستاش بە چاوی خۆمان شارێك دەبینین کە هێدی هێدی لە گەشانەوە دایە، پەرلەمانو حکومەتی کوردستانی لە ئامێز گرتووە، ئاڵای حزبە جیا جیاکان لەسەر بارەگاکانیان دەشەکێتەوە، رۆژنامەو گۆڤاری جۆر بەجۆر لەسەر شۆستەکان خراونەتە روو بۆ فرۆشتن، بەڵام شار پێویستی بە زۆر لەمە زیاتر هەیە، پێویستی بە ئاشتیو برایەتیو ئازادیو کارو نان هەیە بۆ هەموو چەوساوەو هەژارەکانی کە ژمارەیان لە ژماردن نایە، سواڵکەری راستەقینەو سواڵکەری سیاسی لە شار نەمێنن کە ئێستا ژمارەیان زۆرە.




خۆزگە کاك فەتاح زیاتر لە شێوازی وتار پێشکەش کردنو راستەوخۆیی دوور دەکەوتەوە، بە دیالۆگی کورتو تەکنیکی نوێی شانۆو نواندنو بە هێمای هونەری، زیاترو هونەریانە تر مەبەستی بپێکایە.

دەست خۆشی لە ئەکتەرە بە تواناو سەرکەوتووەکان دەکەم: (عەبدولڕەزاق شەمسەدین، ئەنوەر شێخانی، شاناز عەبدولڕەحمان، نەوزاد رەمەزان، ئیسماعیل قادر، ئیدریس سنجاوی، ئەیام ئەکرەم، قاسم نووریو بەژدار کۆیی).

ئەم شانۆگەرییە سەرەرای توانجەکانی هەندێ هونەرمەندو رەخنەگری داخ لە دڵ لەبەرامبەر بیرو باوەڕی نووسەرو دەرهێنەری شانۆگەرییەکە، بە بەرهەمێکی سەرکەوتووی وەرزە شانۆییەکەی بەڕێوەبەرایەتی سینەماو شانۆی هەولێری دادەنێم، ئەگەرچی لە سەرەتا وتم قۆناغ گۆڕاوە، بەڵام لە لایەکی دیکە وەکو ستراتیژ سەبارەت بە کورد تاکو ئێستا بە قۆناغی رزگاری نیشتمانی دا تێدەپەڕینو باری سیاسیمان ئاڵۆزەو دەبێ هونەرمەندانمان بە زمانی هونەری شان بە شانی سیاسەتمەداران لە کاروانەکەدا وتاری خۆیان هەبێت، پەیامی هونەرمەندانیش نەمرو کاریگەرترە لە پەیامی سیاسەتمەداران.

## زانکۆی دهۆك

# ئاهەنگی خولی شەشەمی دەرچووانی دەگێڕێت




رۆژی 2001/7/7 زانکۆی دهۆك لە باخچەکانی کۆلێژی کشتوکاڵ، لە قەزای سێمێل ئاهەنگی خولی شەشەمی دەرچووانی گێڕا بە بەشداری (کاك مەسعود) سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانو مامۆستایانی زانکۆو قوتابیانی دەرچوو کەسو کاری قوتابیانو بەرپرسە حکومیو حزبییەکان.

لە شەشەمین خولیداو لە قۆناغی یەکەمدا (304) قوتابی لە (8) کۆلێژی جیا جیا دەرچوونو، (18) قوتابی لە ماجستێرو، یەك قوتابیش لە دکتۆرا.

جێی وەبیرهێنانەوەیە زانکۆی دهۆك لە 1992/10/31 بە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان دامەزراوەو، لەو کاتەوە تاوەکو ئێستا چەندین قوتابی پێگەیاندووە بۆ بوارە جیا جیاکان.

# هەور رونترین دەربڕینە بۆ ئاڵۆزی ژیان



ئا: شۆڕش

هونەرمەندی شێوەکار (هیمەت کاکەیی) لە هۆڵی کۆمەڵە هونەرە جوانەکان/ سلێمانی، لە رۆژی 6/30/تا 2001/7/2 پێشانگایەکی تایبەتی کردەوە. هونەرمەند لە ساڵی 1960 لە شاری کەرکوك لە دایك بووە، ئەندامی کۆمەڵەی هونەرمەندانی جیهانییە.

ئێستاش لە پاریس لەگەڵ کاری هونەری ژیان بەسەر دەبات زیاتر لە 18 پێشانگای تایبەتی کردۆتەوە، جگە لە چەندان پێشانگای هاوبەش، لە زۆربەی میهرەجانە جیهانییەکانی هونەری شێوەکاری بەشداری کردووە.

(ئەدۆنیس)ی شاعیری گەورەی عەرەب لە بارەی ئەم هونەرمەندەوە دەڵێ: جارێکیان، لەو کاتەی لە تابلۆیەکی تۆ ورد ببوومەوە هەستم کرد، دەر بەدەربووم‌و بەسەر پشتی هەورێکەوەم- هەوری ناخ نەك هەوری بەرزایی.

واهات بە خەیاڵمدا- هەور رونترین دەربڕینە بۆ ئاڵۆزی ژیان. ئەندریە فیلتێری شاعیر فەرەنسایی بۆ هونەرمەندی نوسیووە: ژمارەیەکی زۆر پیتی فڕێ دایە ئاسمان تا هەور دیارکەوت لە هاویندا.

## کوشتن!

سەعات (1.5)ی پاش نیوەڕۆی رۆژی (5 - 7) لە گازینۆی ئەلوەند لە ناو بازاڕی کەلاردا (ح.ت) بە دەستی (م.ن) کوژراو، بکوژەکە رووەو ناوچەکانی بەردەستی رژێمی بەغدا هەڵات.

## خۆکوشتن

سەعات (9)ی سەر لە بەیانی رۆژی (7/5) ئافرەتێك بە ناوی (ح.أ) کە خێزانی (أ)ە لە گەرمیان لە (باوەنوور) خۆی کوشت، بەڵام هۆکارەکانی خۆ کوشتنەکە نادیارە.

# ترازیدیای کوشتنی ژنو پیاوێك لە گەرمیان

لاوێك بەناوی (ع.ف.ر) تەمەن 23 ساڵ لە کەلاری کۆن زۆر بەشێوەیەکی دڕندانەو دوور لە دابونەریتی هیچ کۆمەڵگایەك ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆری دەدەنو لەلایەن(س.ق)وە گوللەباران دەکرێت بە بیانوی ئەوەی کە پەیوەندی هەبووە لەگەڵ هاوسەرکەیدا دوای ئەنجامدانی ئەم کارەی ئاگاداری ماڵی باوکی هاوسەرەکەیو کەسو کاری دەکاتەوە پێیان دەڵێ وەرن کچەکەتان بکوژن یان خۆم دەیکوژم.

دوو رۆژ دوای کوژرانی کوڕەکە واتە رۆژی 2001/6/26 پابەندی بڕیارەکەی دەبنو ئامۆزایەکی ژنەکە بەناوی (س.س.م) برایەکی کچەکە دەبات لەگەڵ خۆی دەچێت بۆ دێی (ق) کاتژمێر 3ی شەو ئەو ژنە تەمەن (38) ساڵە بەناوی (م.م.م) کە لەناو نوێنی منداڵەکانی دەبێت مەرگ بەرۆکی پێ دەگرێتو دەیهێننە دەرەوە زۆر هاوار دەکاتو دەیەوێ راستی روون بکاتەوە بێ ئەنجام دەبێت، ئامۆزاکەی بەبرای ژنەکە دەڵێت بیکوژە براکەی رازی نابێت زۆر پاڵە پەستۆی دەخاتە سەری ئەگەر نەی کوژیت خۆت دەکوژم کوڕەش زۆر بە ناچاری رووی چەك دەکاتە خوشکەکەی، ئافرەتەکە دیسان هاوار دەکاتو دەڵێت هەردەمکوژن لە پێشەوە مەمکوژن با خۆم چاوم لێ نەبێت، براکەی 3 گوللەی ناچاری دەهاوێژێتە پشتی خوشکەکەیو کۆتایی بەژیانی دێنێت ئەوەی کە ماوەتەوە بڵێیز ئێستا براکەی لە بارێکی دەروونی زۆر خراپ دایە. ئایە کێ خۆی بە بەرپرس دەزانێت؟ کەی تاوانباران راپێچی دادگا دەکرێن بۆ ئەوەی سزای تاوانەکانیان وەرگرن.

# نووسینگەی ناوەندی مامۆستایانی پیشەیی

## لە هەوڵی ئەوەدان هەردوو سکرتاریەتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان کۆببنەوە

رۆژی 2001/7/1 هەردوو نوێنەری مامۆستایانی پیشەیی لە مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لە هەولێر پێشنیازی نووسینگەی ناوەندی مامۆستایانی پیشەییان خستۆتە پێش مەکتەبی سکرتاریەت بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی هەردوو سکرتاریەتی سلێمانیو هەولێری (یەکێتی مامۆستایانی کوردستان) بۆ ئەم مەبەستەش نووسینگەی ناوەندی مامۆستایانی پیشەیی سەردانی سلێمانی دەکات، برادەرانی پارتی لە سکرتاریەت بە تایبەتی بەڕێز عەفان نەقشبەندی پێشوازییان لەم هەڵوێستە کردووە.

رۆژی 2001/7/2 شاندی مامۆستایانی پیشەیی سەردانی سلێمانی کردو کاتی ئێوارە لە بارەگای مەکتەبی سکرتاریەتی (یەکێتی مامۆستایانی کوردستان) لەگەڵ بەڕێز فوئاد قەرەداغی سەرۆكو ئەندامانی سکرتاریەت کۆبوونەتەوەو پێشنیازی کۆبوونەوەی هاوبەش لە پێناوی بەرەو پێشچوونی پرۆسەی ئاشتیو یەکبوونەوەی (یەکێتی مامۆستایانی کوردستان) خراوەتە روو، برادەرانی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) لە سکرتاریەت بە تایبەتی بەڕێز مامۆستا فوئاد قەرەداغی سەرۆکی (یەکێتی مامۆستایانی کوردستان) بە گەرمی پێشوازی لەم پێشنیازو هەڵوێستە کردووەو ئامادەیی پیشاندا بۆ کۆبوونەوەی هاوبەش، بۆ رۆژی دواتر 2001/7/3 شاندێکی مەکتەبی سکرتاریەتی (یەکێتی مامۆستایانی کوردستان) لە سلێمانی سەردانی بارەگای کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی (حزبی شیوعی کوردستان) یان کردو لەگەڵ نووسینگەی ناوەندی مامۆستایانی پیشەیی کۆبوونەوەو ئامادەیی خۆیان پیشاندا کە لە هەفتەی داهاتوو سەردانی هەولێر بکەن.

بۆ رۆژی 2001/7/4 شاندی نووسینگەی ناوەندی مامۆستایانی پیشەیی سەردانی بارەگای سکرتاریەتی مامۆستایانیان کرد لە شاری هەولێرو لەگەڵ بەڕێز عەفان نەقشبەندی سەرۆکی (یەکێتی مامۆستایانی کوردستان) کۆبوونەوەو هەڵوێستی ئیجابی سکرتاریەتی (یەکێتی مامۆستایانی کوردستان)ی سلێمانییان پێ راگەیاندنو ئەمیش هەڵوێستێکی ئیجابی پیشانداو ئامادەیی پیشاندا کە پێشوازی لە شاندی مەکتەبی سکرتاریەتی (ی.م.ك) بکەنو هەوڵ بدەن بۆ بەرەوپێش بردنی پرۆسەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانیو، ستایشی هەڵوێستی مامۆستایانی پیشەییشی کرد لەم بارەیەوەو پێی راگەیاندن کە لەم رۆژانە وەڵام دەدەنەوە بۆ رێکخستنی کاری پێویست بۆ سەردانەکەو پێشوازیی لێکردنیانو کۆبوونەوەی هاوبەش لەنێوان هەردوو سکرتاریەتی سلێمانیو هەولێر وەکو هەنگاوی یەکەمو هەنگاوی تریشی بەدوا دابێت.

لە لایەکی دیکەوە سەعات 7ی ئێوارەی رۆژی 2001/6/30 شاندی نووسینگەی ناوەندی مامۆستایانی پیشەیی سەردانی مانگرتووەکانی کوردستانی ئێرانیان کردووە لەپێش بارەگای UNHCR لە عەنکاوەو پشتگیری نامەیەکیان بە ناوی مامۆستایانی پیشەیی پێشکەش کردوون.